**پرسیارەکانی پراگماتیک،٢٠٢٣، قۆناغی چوارەم، زمانی کوردی**

پ١_ زاراوەی پراگماتیک چۆن پێکهاتووە و بۆ یەکەم جار لە لایەن چ فەیلەسوفێک بەکارهات؟

پ٢_ ئەم پێناسانەی پراگماتیک تەواو بکە؟

١_ لقێکە لە زانستی زمان................................................ .

٢_ بریتییە لەو بنەمایەی کە ناوێزە و ................................................ .

٣_ بریتییە لەو بنەمایەی کە چارەسەری ................................................ .

٤_ بریتییە لە لێکۆلینەوە ...................................................... .

پ٣_ دوای بەکارهێنانی زاراوەی Pragmatic لە لایەن مۆریسەوە دوو بۆچوون دەربارەی پراگماتیک هاتنەئاراوە، ئەم بۆچوونانە چی بوون؟

پ٤_ ئەم هۆکارانە چی بوون، کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی پراگماتیک؟

پ٥_ دوو تێڕوانینی جیاواز سەبارەت بە پراگماتیک لەئارادابوون، باس لەم دوو تێڕوانینە بکە؟

پ٦_ ئەم ڕستەیە لە ڕووی پراگماتیکەوە لێکبدەوە؟

(تکایە دەرگاکە کراوەتەوە.)

پ٧_ ئەم دوو ڕستەیە لە ڕووی پراگماتیکەوە لێکبدەوە؟

أ_ چایەکت بۆ بێنم؟

ب_ سوپاس(.) گوێچکەم ژاندەکات.

پ٨_ ئەم ڕستەیە لە ڕووی پراگماتیکەوە لێکبدەوە؟

پ٩_ مەبەست لە نیشانە کەسییە Person Deixis پراگماتیکییەکان چییە؟

دکتۆر ئەمیر موحەممەد

پ١٠_ مەبەست لە نیشانە کاتە Time Deixis پراگماتیکییەکان چییە؟

پ١١_ مەبەست لە نیشانە شوێنە Place Deixis پراگماتیکییەکان چییە؟

پ١٢_ ئەم زاراوە واتاییانە بناسێنە؟

١_ واتاسازی ٢_ پراگماتیک

پ١٣_ مەبەست لە نیشانەکانی دەق _گوتار_ Discourse Deixis پراگماتیکییەکان چییە؟

پ١٤_ ئەم جۆرە پراگماتیکییانە بناسێنە؟

١_ پراگماتیکی دەربڕین ٢_ پراگماتیکی ئاخاوتن ٣_ پراگماتیکی گفتوگۆ

پ١٥_ لیچ Leech بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆرە پراگماتیک دیاریدەکات، ئەم جۆرە پراگماتیکیانە چین، باسیان بکە؟

پ١٦_ ئەم ڕستەیە بە شێوەیەکی پراگماتیکی لێکبدەوە؟

(ئاسۆس قەڵەمەکەی شکاند).

پ١٧_ گرنگترین ئەم خاڵانە چین، کە جیاوازی لە نێوان سینتاکس و سیمانتیک و پراگماتیک دیاردەکات؟

پ١٨_ لە پراگماتیکدا واتای وشە بریتییە لە ژمارەی بەکارهێنانەکانی، چۆن بە وشەی (خوارد) ئەم ڕاستییە دەسەلمێنیت؟

پ١٩_ بە کورتی باسی ئەم بنەما پراگماتیکیانە بکە؟

١_ قسەکەر ٢_ گوێگر ٣_ بابەت ٤_ دەوروبەر

پ٢٠_ هەر یەکە لەم دەستەواژە پراگماتیکیانە واتا و مەبەستی خۆیان هەیە، بە وردی ڕوونیانبکەوە؟

١_ شێوەی دانیشتن   ٢_ دۆخ   ٣_ کات و شوێن

پ٢١_ پەرەزمانییەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە لە گەیاندنی واتادا، بە نموونەوە ڕاڤەی بکە ؟

پ٢٢_ ئەم یەکە واتاییە پراگماتیکیانە پێناسە بکە؟

١_ گوتن   ٢_ گوتار   ٣_ ئاخاوتن

پ٢٣_ مەبەست لە سێ گۆشەی واتایی لە پراگماتیکدا چییە، بە وێنە و نموونەی ڕستەیی ڕوونیبکەوە؟

پ٢٤_ مەبەست لە هێمای زمانی و هێمای نازمانی لە پراگماتیکدا چییە؟

پ٢٥_ ئەم ڕستەی لە ڕووی پراگماتیکییەوە چۆن شیدەکەیتەوە؟

(ئەو هەتیوەنامەردە هەر نەهات).

پ٢٦_ ئەم خاڵانە چین، کە فێرث Firth لە دەوروبەری باردا باسی کردوون؟

پ٢٧_ (دوێنێ لە کوێت بووم). ئەم ڕستەیە چۆن لێکدەدرێتەوە؟

پ٢٨_ ئەم دوو ڕستەیە لە ڕووی پراگماتیکیەوە ڕوونبکەوە؟

١_ کاروان کارزانی بینی. ٢_ کارزان کاروانی بینی.

پ٢٩_ مەبەست لە واتای گشتی و واتای تایبەتی گرایس چییە، بە نموونە ڕوونیبکەوە؟

پ٣٠_ واتای فەرهەنگی و واتای مەبەست دوو خاڵی جیاوازی نێوان سیمانتیک و پراگماتیکن، بە نموونە شیانبکەوە؟

پ٣١_ ئەرکی واتای مەبەست بە سێ خاڵ دەکەوێتە سەر وەرگر، ئەم سێ خاڵە چین؟

پ٣٢_ یاسا و بنەما دوو خاڵی جیاوازی نێوان سیمانتیک و پراگماتیکن، بە نموونە شیانبکەوە؟؟

پ٣٣_ ئەم دوو کێشە واتاییە چین، کە ستالنکر Stalnaker(١٩٧٢) باسیان دەکات و دواتر پراگماتیک چارەیان دەکات؟

پ٣٤_ ئەم بۆشاییانە بە وشەی گونجاو پڕبکەرەوە؟

١_ ................. ئەو کەسەیە، کە پەیامەکەی بە مەبەستێک و لە بارودۆخ و کات و شوێنێکدا بە ڕەچاوکردنی یاسا ڕێزمانی و واتاییەکان دەنێرێت.

٢_ ................... ئەو کەسەیە، کە پەیامەکە وەردەگرێت و لە مێشکیدا شیاندەکاتەوە.

٣_ ................... ئەو بیرەیە کە قسەکەر دروستیدەکات و پاشان وەری دەگێڕێتە سەر هێمایەکی گونجاو، تا بەرامبەرەکەی تێیبگات.

٤_ ...................   چەمکێکی فراوانە و هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە کاریگەرییان لە سەر زمان هەیە.

٥_ ..................... ئەو بار و دۆخە دەگرێتەوە، کە قسەکەی تێدا دەکرێت.

پ٣٥_ (ژوورەکە گەرمە) ئەم ڕستەیە، ئەگەر بخرێتە دەوروبەری گوتنەوە ئەوا چ واتا و مەبەستێکی جیا دەدات؟

پ٣٦_ ئەم دوو ڕستەیە لە ڕووی واتای فەرهەنگی و واتای مەبەست لێکبدەوە؟

_ ڕستەی ئەڵمانی Es regent واتای ئەوە دەدات (وا باران دەبارێت).

_ فردریک گوتی:  Es regent  واتە (وا باران دەبارێت).

پ٣٧_ نیشانکارەکان ئەو کەرستانە دەگرێتەوە، کە ئاماژە بە کەس و کات و شوێن و پلە و پایە هاوبەشەکان دەکات، کە خاڵێکی لێکجیاکەرەوەی نێوان سیمانتیک و پراگماتیکە، ئەم خاڵە لێکجیاکەرەوەیە بە نموونەوە ڕوونبکەوە؟

پ٣٨_ لە پراگماتیکدا نیشانکار دوو جۆرە، ئەم دوو جۆر چین و بە نموونەوە باسیان بکە؟

پ٣٩_ توانست و چالاکی دوو زاراوەی زمانەوانی چۆمسکین، کە زانیاری دەربارەی زمان دەستنیشاندەکەن، مەبەست لەم دوو زاراوەیە چییە؟

پ٤٠_ دەوروبەر گریمانە پیشەکییەکان لێکدەداتەوە، مەبەست لەم رستەیەدا چییە بە پێی گریمانە پیشەکییەکان؟

_ بۆ ناچیتە لای دکتۆر؟

پ٤١_ ئەم دێرە شیعرە بە پێی واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکی لێکبدەوە؟

چەرمی ڕووی هێندە قایمە شمشێری میسری نایبڕێ

بێ بەکەوشی کەی دەمێنێ تا قیامەت نادڕێ            (شێخ ڕەزا،١٣٦)

پ٤٢_ ئەم واتا نائاساییانە بە نموونەوە ڕوونبکەوە؟

١_ هەڵئاوسانی واتایی     ٢_ پێکدادانی واتایی

پ٤٣_ ئەم زاراوە پراگماتیکیانە سەر بە پێکدادانی واتایین، بە نموونەوە ڕوونیبکەوە؟

١_ ناتەبایی     ٢_ دژیەک   ٣_ نەگونجان

پ٤٤_ جیاوازی لە نێوان واتای گریمانە و واتای ڕاستەقینە چییە؟

دکتۆر ئەمیر موحەممەد

پ٤٥_ پێناسەی ئەمانە بکە؟

١_ سۆسیۆپراگماتیک ٢_ پراگماتیکی زمانی ٣_ فسیۆپراگماتیک

٤_ پراگماتیکی گفتوگۆ ٥_ پراگماتیکی دەربڕین

پ٤٦_ ئەم زانایانە چۆن پەیوەندی نێوان سینتاکس و سیمانتیک و پراگماتیک ڕووندەکەنەوە؟

١_ لیچ ٢_ ڤیرستشیرن ٣_ سێرێل ٤_ مۆرگان

دکتۆر ئەمیر موحەممەد